**نامەیەک سەبارەت بە تۆمەتبارانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال بۆ ٧ ولاتی ئەوروپی**

بەڕێزان

پۆلیسی ئەنتەرپول , ئیرۆپۆل

پۆلیستی تاوانەکانی جەنگ لە وڵاتانی ئەوروپا

دەزگای هەواڵگری وڵاتانی ئەوروپا-بەشی تاوانە نێودەوڵەتیەکان

وەزارەتی دادی وڵاتانی ئەوروپا

پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپا

ڕێکخراوەکانی دژ بە جینۆساید و پاریزەرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئەوروپا

ئێمە وەک ڕێکخراوەکان و چالاکوانان و نووسەرو پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان و توێژەرانی بواری جینۆساید لە کوردستانی عێراق, داواکارین لە ئێوە لە پێناو چەسپاندنی یاسا و سەروەربوونی مرۆڤایەتی ئەو ژمارە تاوانبارانەی دەستیان لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستانی عێراق هەیە رادەست بە یاسا بکەن.

پێتان رادەگەیەنین کە ژمارەیەک لەو ٤٢٣ تۆمەتبارەی ئەنفال و تۆمەتبارانی کەیسی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو جینۆسایدی بارزانیەکان, کە داواکراون لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی لە دۆسیەی جینۆسایدی ئەنفال و کەیسەکانی دی لانی کەم لە ژمارەیەک وڵاتانی ئەوروپا دەژێن" بەریتانیا, نەمسا, هۆڵەندا, سویسرا, بەلجیکا, ئەڵمانیا, دانمارک...", جنسیەی ئەو وڵاتانیان وەرگرتووە, کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان تاوانبارانی جینۆساید نابێت مافی پەنابەریان بدرێتی.

ئەم تاوانبارانە بە سودوەرگرتن لە ئازادییەکان لەلای ئێوە خاوەن رەگەزنامە و پێناسن، ئەرکێکی یاسایی و مرۆڤایەتییە کە ئەم تاوانبارانە رادەستی یاسا بکەن و تەواوی رێکارە یاساییەکانی تایبەت بە جینۆساید و ئەنجامدانی تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ لەسەریان جێبەجێ بکەن.

هەروەها داوا دەکەین، ئەوانەشی کەلە لە کوردستان دەژین ئەگەر پابەند نەبوون بە پرۆسەی دادگایکردنەکەوە مافی پەنابەری و ڕەگەزنامەکانیان لێ وەربگرنەوەو رادەستی یاسا بکرێنەوە.

تکایە ڕێز لە قوربانییەکانمان بگرن و ڕێگا مەدەن تاوانبارانی جینۆساید لە سزا رزگاریان ببێت لە وڵاتانێک خۆیان بە پارێزەری مافی مرۆڤ و دادپەروەری یاسایی دەزانن.

چاوەڕوانی دادپەروەرین

١-کۆمەڵەی داکۆکی لەپرسی ئەنفال

٢-کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

٣-رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید

٤-ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان

٥-رێکخراوی گەشەپێدانی مافی مرۆڤ

٦-تۆڕی هاوپەیمانی رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

٧-رێکخراوی باران بۆ پرسی شەهیدان وئەنفالکراوان

٨-رێکخراوی دادپەروری و ئاشتی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ

٩-رێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری

١٠-ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید چاک کوردستان

١١-گۆڤاری تۆبزاوە

١٢-ڕێکخراوی سەڵباتوو بۆ پرسی ئەنفال

١٣-تۆڕی ئایکان کوردستان

١٤-رێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال

١٥-هەڵمەتی ژیان نا بۆ ئیعدام لە کوردستان

١٦-رێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال

١٧-رۆنامەی نگرە سەلمان

١٨-رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان

١٩-رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان

٢٠ -جیهانێکی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی

٢١-رێکخراوی عەر عەر بۆ داکۆکی لە نەوەی شەهیدان و ئەنفالکراوان

٢٢-رێکخراوی چاوی ئەنفال

٢٣-رێکخراوی ئاسۆی زیندانیانی ئەنفال

٢٤-رێکخراوی منداڵە ونبووەکان

٢٥-رێکخراوی گەرمەسێری کوردی فەیلی

٢٦-رێکخراوی بەرگری لە مافی قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

٢٧-ئەنیستیتۆتی ستراتیژ بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاری دیپلۆماسی

٢٨-رێکخراوی چواردەی چوار بۆ ئەنفال

٢٩-رێکخراوی ئازادی و پێکەوە ژیان

٣٠-گروپی کار بۆ ئەنفال

٣١-كۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

٣٢-گۆڤاری شەهید

٣٣-رێکخراوی هەورام پەی فەرهەنگ و زوان

٣٤-لەتیف فاتیح فەرەج لێکۆڵەر لە بواری پرسی جینۆساید

٣٥-ئیبراهیم هەورامانی - نووسەر لە بواری پرسی جینۆساید

٣٦-هێمن حەسیب نووسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید

٣٧-ئەحمەد مەجید چالاکوانی بواری جینۆساید و بنەماڵەی قوربانی تاوانی ئەنفال

٣٨-زەمان عەبدە چالاکوانی بواری جینۆساید

٣٩-عەلی بەندی چالاکوان و نووسەر لە بواری جینۆساید و ئەنفال

٤٠-مەلا شاخی نووسەرو چالاکوان لە بواری ئەنفال و جینۆساید و پەرلەمانتاری خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

٤١-سالار مەحمود سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی جینۆساید لە کوردستان و ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان

٤٢-سروە محەمەد رەشید ئەندامی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی داکۆکی لە پرسی ئەنفال

٤٣-رۆژان شەهید حەمە رەش ئەندامی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید لە پەرلەمانی کوردستان

٤٤-تەیموری ئەنفال تاکە رزگار بووی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ژنان و منداڵانی ئەنفال

٤٥-دیاکۆ مورادی لێکۆلەر لە بواری جینۆساید

٤٦-پەرژین جەعفەر رۆستەم چالاکوانی ئەنفال و جینۆساید, خوشکی شەهید و ئەنفال

٤٧-هاوڕێ پێشڕەو چالاکوان و کەسوکاری ئەنفالکراوو پێشمەرگەی دێرین

٤٨-هیوا سەید سەلیم نووسەرو کوڕی شەهید

٤٩-ئیسماعیل هەنارەیی پارێزەرو نووسەر و کەسوکاری ئەنفال

٥٠-وەزیرە جەلال کەسایەتی و چالاکوانی بواری جینۆساید

٥١-حیکمت فائق عارف خاوەنی ١٠شەهید کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و چالاکەوان و بیشمەرگەی دیرین

٥٢-هەژار هوشیار مەهدی توێژەری و ماموستا ی زانکۆ

٥٣-پارێزەر ئارام محمد احمد ئەنفالکراو و بنەماڵەی ئەنفالکراو

٥٤-شەهاب ئەحمەد فەیلی چالاکوانی بواری جینۆساید

٥٥-دیمەن محەمەد چالاکوانی بواری جینۆساید

٥٦-شوان محمد ڕۆستم ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق / کەس وکاری ئەنفال

٥٧-عادل حاجی محەمەد ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی داکۆکی لە ئەنفالکراوان

٥٨-رێبوار رەمەزان بارزانی نووسەر و توێژەری کۆمەلایەتی و چالاکوانی بواری جینوساید و کورە باوک جینوسایدکراو

٥٩-هەدار زوبێر بارزانی پارێزەر و کەسوکاری جینۆسایدکراو پەرلەمانتاری خولی چوارەمی پەرلەمانی عێراقی

٦٠-جەبارئەحمەد توێژەر لەبواری جینۆساید

٦١-فوئاد عوسمان چالاکوان و نووسەری جینۆساید

٥٢-قاسم کازم حەمە عەلی چالاکوانی بواری جینۆساید

٦٣-عادل مەجید حەمەئەمین تاقانەی ئەنفال

٦٤-سەوسەن محەمەد میرخان سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانی سیاسی و کچە ئەنفال و خوشکی دوو برای ئەنفال و ١٩ کەسی تری ئەنفال لە بنەماڵەکەیان

٦٥-چنار نامیق مامۆستای زانکۆو نووسەر لە بواری جینۆساید

٦٦-ئەیاد ئیسماعیل کاکەیی پارێزەر لە دۆسیەی ئەنفال و بارزانیان و سەرۆکی لقی هەولێری سانديکای پارێزەرانی کوردستان

٦٧-هۆشمەن مراد محەمەد چالاکوانی بواری جینۆساید , خاوەن ٣ شەهیدی جینۆساید

٦٨-روبا محەمەد سەلیم چالاکوانی بواری جینۆساید , خاوەن ٣ شەهیدی کیمیاباران

٦٩-شێخ سدیق لێکۆلەر لە بواری جینۆساید

٧٠-سەمیرە ئەحمەد چالاکوانی ئافرەتان و رۆژنامەنووس

٧١-د.فاتیح سەنگاوی نووسەر و توێژەر لەبواری ئەنفالدا

٧٢-حازم بلەیی نووسەرو چالاکوانی بواری جینۆساید

٧٣ -نامیق هەورامی نووسەر و توێژەر

٧٤ -نەسرین رەمەزان عەلی رزگاربووی تاوانی هەڵەبجە

٧٥ -هەژان حەسەن کوێستانی بڕیاردەی لیژنەی شەهیدان و جینۆساید لە پەرلەمانی کوردستان

٧٦ -باڵانبۆ کۆکۆیی جێگیری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان

٧٧-هیوا شوانی نووسەر

٧٨-فاخیر تەلانی نووسەرو چالاکوان لە بواری ئەنفال

٧٩-کوردۆساید ۆچ- چاک

٨٠ -حاتەم حەمە جان حەسەن ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

٨١-شاخەوان قادر شۆرشش  لیچکۆلچەر لە بواری پرسی جینۆساید

٨٢ -د.هونەر ئەمین حەسەن مامۆستای زانکۆو و توێژەری تاوانی جینۆساید

٨٣ -عەبدوڵڵا کەریم مەحموود، نووسەر و لێکۆڵەر لە بوار جینۆساید

٨٤-دکتۆر ئیبراهیم مەلازادە، نوسەر و مامۆستای زانکۆ و تایبەتمەند لە بواری جینۆساید